# ڕووناکبیرەکان شەرعییەت دەدەنەوە بە دابەشبوونی کوردستان

سیستەمە دیکتاتۆرەکان کاتێ دادەمەزرێن و کۆڵەکەکانی دەسەڵاتەکەیان توند دەکەن، ئیتر وردە وردە پلان دادەڕێژن بۆ بیچمدانی کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان. هەڵسوکەوتی ئەوان بەرانبەر بە تاک و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە هەر ئەوە نییە هەوڵی گۆڕینی ڕواڵەتەکەیان بدەن، بەڵکو ئەوان گۆڕانێکیان دەوێ لە ناخەوە بێت. ئەو گۆڕینەش بە هەڕەمەکی سەر ناگرێت، بەڵکو دەبێ بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی لە پشت بێت. دیارە دیکتاتۆرەکانیش هیچ کارێک بەبێ بەرنامە ناکەن. ئەوان بە شوێن ئەوە دان کۆمەڵگەیەک بەرهەم بێنن کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لە نەبوونی ئەوانیشدا بە شێوەی سیستەماتیک بەرنامە و ویستەکانی ئەوان جێبەجێ بکەن. ئێمە کە خەڵکی وڵاتێکین وا ساڵانی ساڵ لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆراندا بووە، باش ئاگادارین کە چۆن لەو شوێنانەیش وا بە هیچ شێوەیەک پیاوێکی فەرمیی دەسەڵاتی لێ نەبووە، خەڵکە ئاساییە چەوساوەکە خۆیان کاروبارەکانیان بۆیان ڕاپەڕاندووە و مەبەست و ئامانجەکانیان بۆیان وەدیهێناون. بۆیە دیکتاتۆرەکان بە خەیاڵی ئاسوودە پاڵی لێ دەدەنەوە و ڕووخان و نەمانی خۆیان بە خەونیش نابینن. ئاخر دیکتاتۆرەکان باش دەزانن ئەو گەرایەی لە مێشکی تاکەکاندا خستوویانە و ئەو تۆوەی وا چاندوویانە، تەنانەت دوای نەمانی خۆیشیان هەر دەمێنێتەوە و سەر هەڵدەداتەوە. ئەگەر لەبیرمان بێت مەرگی سەدام حوسێن بووە هۆی خۆشحاڵی و شادمانیی هەموو خەڵکی ئازارچێشتووی کوردستان و هەموو ئازادیخوازێک. ئەوەی سەلمێنەری وتەکانی پێشوومانە و جێی داخ و کەسەرە ئەوەیە جار وبارە لێرە و لەوێ لە زمانی هەر ئەو خەڵکە ئازارچێشتوو و مەینەتی دیوەوە دەبیستین کە دەڵێن:"بەخوای حەیف، زەلامی وا نابێتەوە، تا برێی بەغیرەت بوو و زۆر شتی دیکەی لەو جۆرە"... هەر ئەوەندە نییە، ژان و داخەکە لەو شوێنەوە دەست پێ دەکات وا چەندین ساڵ پاش نەمانی دیکتاتۆرە هێشتا ئاسەواری ئەو گەرایانەی خستوویانەتەوە لە ناو هزر و بیری ڕووناکبیرەکاندا بەدی دەکەیت.




کاتێک پێم نایە نێو خاکی باشووری کوردستانەوە، قەت بیرم لەوە نەدەکردەوە شوێن پێیەکانی دیکتاتۆرە ڕووخاوەکە ئەوەندە بەرچاو بن. هیچ پێم وانەبوو ترپەی دەنگی پێی دیکتاتۆرە کۆستکەوتووەکە لە ناوەندە ڕووناکبیرییەکانا ئەوەندە توند بێت. لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا کە لێرە لە باشوورم و من خۆم بە غەریب نازانم کەچی هێشتا لێرە هەر پێم دەڵێن ئێرانی و بە دەگمەن پێم دەڵێن کوردی ڕۆژهەڵات یان نەخێر وەک بەساڵاچووەکانمان دەڵێن کوردی کوێستان)، هەر جارەی سەردانی ناوەندێکی ڕووناکبیریم کردبێت و بەهەر هۆیەک پرسیاری پەیڕەوی ناوخۆی ئەو ناوەندانەم کردووە، بەداخەوە بینیومە یەکێک لە مەرجەکانی بەشداربوون تێیاندا عێراقیبوونە. خۆی قەیناکا گوتاری عێراقییانە و ئێرانییانە با لەسەر مێزی دانوستان و لە ئاخافتنە ساسی و فەرمییەکانی سیاسییەکانماندا هەبێ، ئەوە سەردەمە و ئاوا دەخوازێت. ئەوان ناتوانن لە دەرەوەی ئەو واقیعەی بەسەریاندا زاڵە قسە بکەن. بۆ ئەوان ڕەوایە قسەکانیان و خەون ئارەزووەکانیان زۆر لێک دوور بن. بەڵام بە ڕای من ڕووناکبیران دەبێ برێک ئایدیالیست بن. ئاخر پەیڕەوی ناوخۆی ناوەندە ڕووناکبیرییەکان چ پەیوەندیی بە بەغداوە هەیە؟ بۆ دەبێ عێراقیبوون یەکێک بێت لە مەرجەکانی ئەندامبوون؟ ئەو بڕگەیە چ مانایەکی هەیە جگە لەوەیکە ئیتر ئەو تۆوەی لە ناخمانا چێنراوە تەواوی بۆ دیکتاتۆرە دابەشکەر و داگیرکەرەکانی کوردستان بەری داوە. ئەوەتا ئەو نەیشماوە ئێمە خۆمان بڕوامان بەوە هێناوە کە ئیتر نەک یەکتر ناگرێتەوە ئەو کوردستانە بەش بەشکراوە، بەڵکوو سنوورەکانیشی شەرعین و چیتر نابێ بە دەستکرد ناویان بەرین. باوەڕ بە عێراقیبوونی کوردەکانی باشوور و بڕواهێنان بە ئێرانیبوونی ڕۆژهەڵاتییەکان و بە تورک زانینی کوردەکانی باکووری کوردستان و بە سوورییایی لەقەڵەمدانی کوردە لێقەوماوەکانی ڕۆژاوا، ئەویش لە مێشک و هزری نووسەرانی نیشتمانەکەمدا چ دەگەیێنێت جگە لە ڕەوایی بەخشین بە دابەشکاری وداگیرکارییەکانی داگیرکەرانی کوردستان؟ دیکتاتۆر کاتێک دێ، هەموو خەونە مەزنەکانت دەکوژێت. ئارەزووەکانت زیندەبەگۆڕ دەکات، ئاسۆکانی ڕوانینت بەرتەسک دەکاتەوە، ئەو قەڵەمێکی پێیە و خۆی سنوورەکانی ڕوانینت بۆ دەکێشێت و تەرازووەکی هەیە بۆ سەنگ و سووک کردنی ئاواتەکانت. وات لێ دەکات نەک هەر گاڵتەت بێت بەوانەی خەونی گەورەیان هەیە بەڵکو دژیشیان ڕاوەستیت و سەنگەریشیان لێ بگریت. وات لێ دەکات لە خەونبینین بترسیت. بیرکردنەوەت لێ دەکاتە کارێکی قەباحەت. ناهێڵێ لە ناخی خۆشتدا بیر بکەیتەوە. ئەوەتا ئێمە وامان لێ هاتووە هەر کەس باسی کوردستانی گەورە بکات، نەک هەر گاڵتەی پێ دەکەین بەڵکوو وەک گەمژەیەک لێی دەڕوانین. ئاخر ئاسۆکانی ڕوانینمان لێڵ کراون. دەلاقەیەکیان بۆمان نەهێشتووەتەوە لێیەوە بڕوانینە پێدەشتی بەرینی داهاتوو. ئەگەر ڕۆژێک بمانەوێ لە دوور بڕوانین چاومان بەشەوارە دەکەوێت چونکە سەدەیەک زیاتر لە بن دەسەڵاتی دیکتاتۆراندا ژیاوین، لە جیهانێکدا کە لێمانیان کردووەتە ئەنگوستەچاو. لەو تاریکەسەلاتە کە دەرکەوتووین ئیتر هەموو تیشک و شەبەنگێکی داهاتوو چاومان بەشەوارە دەخات.

ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممەیەک بۆ دیمانەیەک چوومە یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر. دواتر پێیم وت: مەرجتان چییە بۆ ئەوەی یەکێک ببێتە ئەندام لێرە؟ بردمییە یەکێک لە هۆدەکان. دوو برادەری برێک بەتەمەن لەوێ دانیشتبوون. لە وەڵامی داواکەمدا وتیان پەیڕەوەکەمان دەڵێ دەبێ عێراقی بیت. منیش پێیانم وت: ئەو بڕگەیە لا بەرن. دروست نییە. ئەوە شەرعییەت بەخشینە بەو سنوورانەی ڕووناکبیر و شۆڕشگێڕەکانمان دانیان پێدا نەهێناوە و بە دەستکرد ناویان هێناوە. هێشتا قسەکەم تەواو نەبووبوو یەکێک لەو برادەرانە شادەمارەکەی ملی وەک کاریتەی لێ هات و بەگژمدا هات. ئەوەم پێ سەیر نەبوو، ئەوەیشم پێ سەیر نییە کە سەدەیەکی دیکەیش دەنگی پێی دیکتاتۆرە گۆڕبەگۆڕەکە هەر وا خەوەکانمان دەشێوێنێت و زۆر کەس لە ئێمە هەر ئۆخژنی بەو دەنگە دێت و وەک لای لایەی دایک پێی دەچێتە خەوی خۆشەوە.



**ڕەسولی سوڵتانی**

rojhelattimes.org

---

# ڕۆڵی ژنان لەکایە جیاجیاکانی ژیاندا

بێ گومان، داب ونەریتەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پێوەرێکن بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگەیە، هەروەها فاکتەرێکی بەهێزیشە لە بەرەو پێشەوە چونی کۆمەڵگەدا، بەپێی ئەم دابوو نەریتانە کۆمەڵگەش پۆلێن کراوەو تاکەکانیش بە پێی ئەو هەڵ و مەرجانە دەسەڵاتیان پێدراوە، لەهەمان کاتدا لەو کۆمەڵگەیانەی کە لە بافتی سونەتی و عەشیرەیی خۆیاندا ماونەوە، دەسەڵات هەمیشە نێرو کۆمەڵگەش پیاوساڵارە، ژنان لەو کۆمەڵگەیانەدا کەمترین یان هیچ چەمکێک لە دەسەڵاتیان پێرەوانەبینراوە.

لە راستیدا، گەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ قۆناغەکانی بەرەو پێشچونی کۆمەڵگە هەرلەقۆناغی کشتوکاڵەوە بگرە تا پیشەسازی و پێنج قۆناغەکەی دیکە، ژنی کورد توانیویەتی ڕۆڵی هەبێت و جێ پەنجەی لە هەموو بوارەکان و کایەکانی ژیاندا دیار بێت. ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە وەکو ژن جێی هەڵوێستەیە، ئەوەیەکە ئایا مێژوو چەندە بایەخی بە ژن ورۆڵی ژنی داوە لە دوای گۆڕانکاریەکان دا کە بەسەر کۆمەڵگەکاندا هاتووە. لە گەڵ هەر گۆرانکاری و پێشکەوتنێکدا هێندێک ئاڵوگۆری لە سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوریەوە دێتە کایەوە کە ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە کە پشکی ژنان لە دەسەڵاتی ئیداری تا چ رادەیەک بووە و ژنان تا چەند توانیویانە خۆیان لە ناو کایەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بوارەکانی دیکەی ژیان بدۆزنەوە و کاریگەریان هەبووبێت لە بەرەو پێشەوەچوونی سیستمی بەڕێوەبردنی وڵاتدا. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو کۆمەڵگەیانەی کە لە قۆناغی گەشەسەندن دان، دەبینین کە بەربەستەکانی بەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵگە لە هەناوی کۆمەڵگە سەرچاو دەگرێت سەرەرای نەخوێندەواری و ناهوشیاری تاکەکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیانە پرۆسەی بەرەو گەشە سەندن بەرەو کزی و لاوازی دەبەن . ئەوەی جێی باسە لە کۆمەڵگەی کوردیدا دابونەریت و یاساوڕێساکان زیاتربەرەوڕوی ژنان بونەتەوە و ژنانیان لە چوارچێوەیەکدا هێشتۆتەوە.

لەم جۆرەکۆمەڵگایانەدا ژن بە درێژایی مێژو هەمیشە وەکوومرۆڤێکی پلە 2 یان باشترە بڵێین، لە ژێر چەپۆک ماوەتەوەو بێدەنگی هەڵبژاردوە ئەگەر داوای بچوکترین مافی بکردبایە ئەوە تووشی ئازار و ئەزیەت دەبۆوە. کەوابوو لەم کۆمەڵگەیانەی کە بەم شێوە سیستمە دەچنە پێش ژنان توشی شکست دەبن و لەهەمان کات دا دەبنە خاوەن سایکۆلۆژیایەکی ڕوخاو بێ باوەری لەلایان دروست دەبێ و زۆرجار خۆیان ون دەکەن. لێرەدا،ئەو پرسیارە دێتەگۆڕێ کە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئافرەت بتوانێ بەشێوەیەکی سەرکەوتانەو ڕوبەڕوی دەسەڵاتی ئیداری وسیاسی بێتەوە؟

ئەوەی کە زۆر گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە ڕێگای هۆشیاری بگرێ و ئەم بێدەنگیە بشکێنێت و خۆی ڕزگار کات لەو هێڵە سورانەی کە وەک تابۆ کۆمەڵگە بەدەوریدا کێشاویەتی، بۆ نمونە لە کۆمەڵگەیەکی وەک کوردستان کە لە قۆناغی گەشەسەندن دایە هەرکات ژنان هاتونەتە مەیدان یان داوای مافە سەرەتایەکانیانی خۆیان کردبێت ئەوە لە لایەن سیستمی پیاوساڵاریەوە رووبەروی سەرکوت هاتووە بە داچەپاندنی ئەو دەستەواژانە، بە گوێیدا وەک(جوانی ژن لەبێدەنگیدا دەبینریت) و ژنانیان ناچار بە پاشەکشە کردووە. ژن بەرلەوەی کورسی دەسەڵات فریوی بدات ئەبێ بتوانی لەبوارەکانی سیاسی و فەرهەنگی وکۆمەڵایەتی بەتایبەت ئاستی هۆشیاری و زانیاری خوی لە بواری بەدەستهێنانی مافەکانی بباتە سەر.هەروەها، خوێندنەوەیەکی واقیعی و ژنانەی سەر دەماینەو سەربەخۆی هەبێت بۆ هەر حاڵەتێک کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆپەیوەندی بە مەسەلەی ژنانەوە هەبیت ، ئەگەر هاتو ژنان بە ناهۆشیاریەوە لە پۆستەکانی دەسەڵاتدادابنرێن ئەودەم ئەو پرنسیب و بیرکردنەوانەی کە ئایدۆلۆژیای پیاو ساڵاری دایڕژراوە ئەوە دەتوانێت، رەنگدانەوەی تەواوی هەبێت لەسەریان و بەئاسانی بیانخاتە ژێر کاریگەری و رەکیفی بیر کردنەوەکانی خۆیانەوە. بەڕاشکاویش دەتوانم بڵێم ئەو جۆرە ژنانەی کە بەو ڕێگەیە کار دەکەن وخۆیان لە چوارچێوەی سیستمی پیاوساڵارانەدا قەتیس هێشتبێتەوە، هەرگیز ناتوانن نوێنەری ڕاستەقینەی ژنان بن لە هیچ کوێیەکی کۆمەڵگەدا،بەڵکو ئەوانە بۆ هەمیشە ئەبنە پاشگری پیاوانی دەسەڵاتدارو بەکار هێنانی ئەو ژنانە لەو سیستمەدا، وەک دیکۆر وایە بۆ شەرعیەت دان بەو دەسەڵات و سیستمە سیاسی و پیاوساڵارانە.

ئەگەر بێتوو ژنان ،بێدەنگی هەڵبژێرن لە ئاست بەدەست هێنانی مافەکانیان و نەیەنە مەیدانی خەبات و چالاکی نەنوێنن و خۆیان بە زانیاریەکان و پێشکەوتنە تکنۆلۆژیاکانی سەردەم پڕچەک نەکەن ،ئەوە دەتوانێت خەسارێکی زۆر بە پێگە و جوڵانەوەی ژنان بگەیەنێت کە کاریگەریشی دەبێت لە سەر پێشکەوتنی کۆمەڵگە. ئەگەر پیاوان بە مێشکێکی کراوە بتوانێن ڕێگە بەرەورووی ئافرەتی کورد بکەنەوە و لە ئاست بەدەستهێنانی مافەکانیاندا هاوکاریان بکات، گومانی تێدانییە کە کۆمەڵگە لەروی شارستانی و هەموو بوارێک بەرەو پێشەوەدەچێت، ئەودەم نە کولتوری سەقەت دەتوانی جێی خۆی بکاتەوەو نە ئەقڵیەتی سیاسەتی ناحاڵی ئاوابەئاسانی دەتوانێ دەسەڵات پاوان بکات. ژنی کورد گەر بیهەوێت لە بەرەو پێش چونی کۆمەڵگەدا دەوری هە بێت ، پێویستە هۆشیاری خۆی بەرێتە سەروە و خوێندنەوەی خۆی هەبێت لە سەر مەسەلەکان لە هەموو کایەکانی ژیاندا،بەڵام ئەگەر هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی نەبوولە ئاست کێشە ومافەکانی ژناندا، گەر لە ترۆپکی دەسەڵاتیش دابێت هەر بە ئەندازەی پیاوێک دەتوانێت خزمەت بەمەسەلەی ژنا ن و جوڵانەوەی ژنان بکات.

هەر چەند ئافرەتانی کورد کەمتر رۆڵیان بووە لە سیستمی بەرێوەبردنی وڵات ،بەو واتایە کە لە زۆربەی دەسەڵاتەکان بێبەش کراوە وەکو دەسەڵاتی ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، فەرهەنگی ، ئەدەبی وسیاسی کەواتا دەبێ ئێستا، بەشیوەیەکی زانستیانە هەوڵ بدات وخۆی دوورەپەرێز نەگرێت لەو بوارانەی کە تایبەتن بە خۆی بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم دەسەڵاتانە و ئەو بوارانەی کە تاکو ئێستا نەیتوانیوە خۆی تێدا بدۆزێتەوە و یان لێی زەوتکراون بەدەستیان بێنێ. تەنیا دەسەڵاتی سیاسی بەس نیە بۆ ئەوەی بتوانرێت لەڕێگەیەوە مافەکانی ژنان بەدەست بێ و کۆمەڵگەیەکی یەکسان دروست بێت، بەڵکو پێویستە ژنان لە هەموو کایەکان و بوارەکانی ژیاندا چالاک بن و تا بەدەستهێنانی هەموو مافەکانیشیان دەست لە خەبات هەڵنەگرن، هەرچەند ڕێگەکە سەختیش بێت ، بەڵام لە کۆتاییدا بەرهەمی دەبێت کە نەتەنیا ئافرەتان دەگەیەنیتە ئامانجەکانیان.بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەش کە کۆمەڵگە پێشکەوتنەکانی بە ڕادەیەکی سەرسوور هێنەر گەشە پێبدات و هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگەش هەست بە ئاسوودەیی بکەن.

> **بەهۆی ئەوەی کە ئافرەتی کورد لە زۆربەی دەستەڵاتەکان بێبەش کراوە، بۆیە دەبێ ئێستا بەشێوەیەکی زانستیانە هەوڵ بدات و خۆی دوورەپەرێز نەگرێت لەو بوارانەی کە تایبەتن بە خۆی**



**کوێستان عومەرزادە**

kurdishperspective.com